ئەحمەد مەحمود – بنەکەی خەپەکوێر:

# دوای ئەنفالکردنی ژنومناڵەکانم‌نزیکەی سێ ساڵ بەنهێنی لەقوتابخانەیەك ژیانم بەسەر بردووە.

# ئەگەر جاش نەبوایە بە چاوساغی سوپای ئێراقی،ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک لەگەرمیان ئەنفال نەدەکران.



**دیمانەکراو: ئەحمەد مەحمود فەتاح**

**دیمانە : سمکۆ سابیر**

**شوێنی دیمانە: ماڵی دیمانەکراو .**

**شوێنی بەر لەئەنفال:گوندی بنەکەی خەفەکوێر(خەپەکوێر) ناحیەی سەرقەڵا**

**شوێنی دانیشتن: قەزای کفری ،گەڕەکی رزگاری (ئەنفالەکان)**

**رۆژ:2016/11/21**

**کات:2/50 خولەکی دوای نیوەڕۆ**

چەند کارێکم لەشاری کفری هەبوو،بۆیە لەگەڵ جەلال هەزار محەمەد ئەمین ی هاوڕێم لەکەلارەوە بەڕێکەوتین بۆ کفری.پێش نیوەڕۆ گەیشتین،دوای ئەنجامدانی چەند سەردانو دیدارێک ،جەلال پرسیاری ماڵی لالە ئەحمەدی کرد بەو پێیەی دۆستایەتیان هەبووە،بەتایبەتی وەک خۆی باسی کرد هاوڕێ ی باوکی بووە، بەئاسانی ماڵەکەمان دۆزییەوە کەلەگەڕەکی رزگاری (ئەنفالەکان) بوو.دوای پشوویەکی کورت ئەم دیدارەمان لەگەڵ لالە ئەحمەد مەحمود ئەنجامدا.

ئەگەر خۆتان بناسێنن

ناوم ئەحمەد مەحمود فەتاح محەمەد رۆستەمە لەگوندی باوەخۆشێن لەقەرەداغ لەدایکبووم .ئێستاتەمەنم لەحەفتا ساڵ زیاتر دەبێت .بەڵام لەبیرم نییە و موالیدەکەم راست نەنوسراوە .لەسەردەمی بەریتانییەکان بوو کاتێک لەعێراق بوون ،ئەوکات ئێمە لەباوەخۆشێنی قەرەداغ هاتین بۆگەرمیان بۆ گوندی سەید جەژنی، من مناڵ بووم ئەوەم لەبیرە کەسوپای بەریتانیا هاتن بۆ ناوچەکە.

چەند ساڵ لەگوندی سەید جەژنی مانەوە .؟

نزیکەی دەساڵ لەسەید جەژنی ماینەوە و دواتر بەهۆی هەژاری گواستمانەوە بۆ گوندی بەکرە شەل چونکە لەیەکترییەوە نزیک بوون .

کەلەگوندی سەید جەژنی بوویت تەمەنت چەند ساڵ دەبوو.؟

تەمەنم دە بۆ یانزە ساڵ دەبوو

لەو سەردەمەدا هەوڵت نەداوە خۆت فێری خوێندن و نووسین بکەیت.
بەداخەوە قوتابخانەو مەکتەبی لێنەبوو.حوجرەی فەقێش زۆر کەم بوو .زیاتر لە دە ئاوایی, یەک شوێنی خوێندنی ئایینی لێبوو، ئەگەر کەسێک بیویستبایە دەرسی ئایینی و قورئان بخوێنێت .پێموایە تەنها لەئۆمەربل و کانی ماران هەبووە، ئەگینا نەلە فەتاح ئۆمەرو نە لەبەکرە شەل و سەید جەژنی ونەلە گۆبان بوونی نەبووە .
ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردووە. ؟
ساڵەکەی نازانم بەڵام شۆڕشەکەی عەبدولکەریم قاسم بوو . ساڵێک دوای ئەوە ژنم هێناوە.
واتە ساڵی 1958– 1959.
چونکە عەبدولسەلام عارف بووە حکومەت لەعێراق و عەبدولکەریم قاسمی شەهید کرد.کەئەو بووە حکومەت ئێمە رامانکرد بۆ گامەخەڵ .کوڕە گەورەکەم تەمەنی هەر هەشت بۆ نۆ مانگێک دەبوو.
تا ساڵی چەند لەگامەخەڵ مانەوە .؟
تاحکومەتی عێراق خانوەکیانیان لێڕوخاندین .وابزانم ساڵێک بەر لەئەنفال بوو .واتە ساڵی 1987 .
ئینجا بارمانکرد بۆ گوندی بنەکەی خەپە کوێر . وابزانم کەمتر لەساڵێک ئەنفال دەستی پێکرد. رۆژێکی ناخۆش بوو. حکومەت بەچەکی کیمیایی ئەیدا لەپێشمەرگە.ئەیدا لەئاواییەکان .دەستییان لەکورد نەدەپاراست. کاتێک کۆپتەر دەهات شەڕیش نەبوایە خەڵکی دەکوشت .
هیچ پەلامارو دەستدرێژییەکی حکومەتت لەبیر ماوە بەرلەئەنفال .؟
ئەوەم لەبیرماوە،هەرکەسێک لەئاوایی بهاتایەتە سەر جادە قیرەکە جاش و جەیش ئەیانکوشت و دەیانگوت ئەوە مخەڕەمەوحەرامە لەئێوە.کابرایەک ناوی رەشید خەسرەو ناسراو بەمامە رەشە،خەڵکی سەید جەژنی بوو بۆ نوێژی جەژن پەلەی کردبوو بگاتە جەماعەت و لەنزیک سەرقەڵا گرتیان و پێیانگووت:تۆ لەئەرزی مخەڕەمەوە هاتوویت.مامە ڕەشە کچێکیشی لەگەڵدابووە،کچەکەیان لێدوورخستبووە و دەستڕێژی گوللەیان لێکردو شەهیدیان کردبوو .
چۆن هەستتان بەشاڵاوی ئەنفال کرد .؟
خەڵکی لە گوندەکانی ژورەوە دەهاتن بۆ بنەکە و دەیانگووت حکومەت گوندەکان دەڕۆخێنێت. بەتۆپ و کیمیایی و تەیارە لێماندەدات . کاتێک زانیمان لەئاوایی شێخ حەمید و لەلای گەرمیانەوە . تەماشامانکرد لەرێگەی ئیمام وەکاشەو تیلەکۆوە گەمارۆدراوین و بەناچاری گوندەکەمان بەجێهێشت ,کۆپتەرو دەبابەو جەیش و جاش دەورەیان داوین .لەکاتێکدا یەک تەقە لەناوچەکە بەرامبەر

بەحکومەت نەکرابوو. ئەوەی مەکینەی هەبوو بۆخۆی هێنایی و دواتر هەموو خەڵکەکە دەستگیرکراو هەمووی ئەنفال کرا.

کاتێک سوپا و جاش لەبنەکە نزیک بووەوە هیچ بەرگرییەک نەکرا لەلایەن خەڵک پێشمەرگەوە .

نەخێر هیچ بەرگرییەک نەکراو تەقەیەکیش لەحکومەت نەکرا.خەڵکەکە لەترسا خۆی رادەستی حکومەت کرد.چونکە دەیانگووت سوپا دەمانکوژێت ،باخۆمان قورتاربکەین .بەڵام نەمانزانی حکومەت زیاتر دەمانکوژێت و بەم دەردەمان دەبات .ئاواییەکانی داویە بۆ خورماتوو رۆیشتن ئاواییەکانی و جاف و زەنگنەو تیرەکانی تر بۆ ملە سوورە رۆیشتن و لەوێ کۆکرانەوە .من و براکەم چوارده سەر خێزانمان ئەنفالکراوە .برایەکەم بەناوی حەسەن،هێزی پشتگیری بوو.مواليدی 1955 بوو لەگەڵ شەش منالی، سێ کوڕرو سێ کچی ئەنفال کران.منالەکانی عەلی .محەمەد . عومەر.کچەکانی .سێوە. سەرگوڵ .وابزانم کچەکەی تر جوانەی ناوبوو، بەدرووستی ناوەکەیم لەبیر نییە چونکە زۆر منال بوو بەباوەشی دایکییەوە بوو کاتێک ئەنفال کران.بەمشێوە ئەم حکومەتە زالمە کوردستانیان وێران و کاولکردو هەرچی کەوتە بەردەستی ئەنفاليكردو کۆمەڵکوژ کران .

هۆکارەکەی چی بوو تۆ بەرشالاوی ئەنفال نەکەوتیت .

کاتێک گەیشتینە ملە سوورە تۆکە سەر چەنێک زۆرە،ئەوەندە خەڵکی لێبوو.سەیارەی گەورەو درێژ وەستاوە حەشاماتێکە کەس وەکەس نییە،خەڵکێکی زۆر کۆکرابونەوە. هەمووی ژن و منال و پیاوی پیر، مەگەر ئەو خوایە بزانێت چ کارەساتێک بوو .کاتێک خەڵکەکە دەگەیشتە ملە سوورە. ملەیەک بوو لەو دیوو ملەکە حکومەت وەستابوو چاوەڕێ ی خەڵکی دەکرد.سەربازەکان قولی ژنیان دەگرت و فڕێیان دەدایە ناو سەیارەکە (جۆری سەیارەکە (نقل بری) بەگوتەی دیمانەکرا) واتە: لۆری باڵهەڵگری درێژ ،ئەمەم چۆن زانی و هەستم پێکرد. کوڕە بچوکەکەم ناوی قادر بوو سێ مانگای لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. گووتی باوە ئێمە دەڕۆین بۆ کەلار،چاوەڕێتان دەکەین, دادەنیشین تا ئێوە دەگەنەلای ئێمە.خەڵک نازانێت حکومەت وایلێدەکات .من خۆم بەمانگاکانەوە خەریک کردو بەرەو کەلار رۆیشتم .بەو شێوەیە ئەنفال نەکرام.شەوم بەسەرداهات هاتمە لای بەرزاییەکەی نزیک گوندی حەسیرەوە بەدرێژایی چەندین کیلۆمەتر سەربازو جاش خەڵکیان دەستگیر کردووە و بەدەیان مەکینە دەبینم بەخەڵکەکەوە گیراون .دیمەنەکانم لەبەر چاوو بوو هێشتا خۆر مابوو.منیش زۆر نزیکبووم و هاوارم بۆخواکردو گووتم خوایە بەخوا دنیا زۆرخراپ بووە .ئەوسا زانیم وەزعەکە خراپە،چونکە نەیانهێشت خەڵکەکە بڕوات .خۆر ئاوابوو ،خەڵکەکەیان گواستەوە و رۆیشتن .

لەئاوایی بۆ دواجار لەگەڵ منالەکان لەیەکتری جیابوونەوە بڕیاری چیتاندا .؟

ئێمە مەکینەو عەرەبانەی خۆمان هەبوو،منالەکان گوتیان باوە ئێمە دەچین بۆ کەلارو تۆش هێواش هێواش مانگاکان بێنەو ئێمە لەوێ چاوەڕێت دەکەین.ئەوان هاتن بۆ ملەسورەو شەوێکیش لەملەسوورە مانەوە کەس نەیدەزانی بەو شێوەیە حکومەت و جاش خەڵک دەگرن و ئەنفال دەکرێن.هەتا خەڵک گەیشتە قۆرەتووش هەر هیوای هەبوو کەئازاد دەکرێت .ئێمە لەشەڕو خراپەکاری نەگیراین.هەمووما‌ن کاسب و فەقیری ماڵی خۆمان بووین .نەسەربازێکی بەعس کوژراو،نەپێشمەرگەیەکیش تەقەی کردووە .ئەی حکومەت ئەو خەڵکە بۆ والێدەکەیت، ئەمە ئیسلامەتییە,نەخێر قەت ئیسلامەتی نییە.منالی ساوا.ژنی داماو .پیاوی پیر،ئەمانە چییان کردبوو .تاوانیان چی بوو بەم دەردە بران .

نەتزانی منالەکانت لەکوێ دەستگیرکران .؟

بەڵێ دوای ئەوەی پیرەکان دەنکە دەنکە لەنوگرە سەلمان گەڕانەوە،پێیانگووتم وەختێک ئێمەیان بردە مەیدان،(دیارە لەناوی (مەیدان) مەبەستییان قەلاکەی قۆرەتووی ئەو بەر روباری سیروانە.زۆربەی گوندنشین و ئەوانەی کەسوکاریان ئەنفالکراوە،بەقەلای قۆرەتوو دەڵێن :مەیدان) .گوتیان کاتێک خەڵکەیان هێنایە ئەوێ ژنیان جیاکردۆتەوەو گەنج و پیریشیان لەیەکتری جیاکردۆتەوە .دوای جیاکردنەوە بەجیا خەڵکەکەیان بەسەیارەی گەورە گەورە بۆ تۆبزاوای کەرکووک گواستەوە و ئیتر سۆراغیان نەما.

چەند منالت ئەنفال کراوە و ناوەکیانیان چیین .؟

سێ کوڕی عازەب و سێ کەنیشک (کچ) لەگەڵ دایکیان ئەنفالکراون .

ناوەکانیان :

هاوسەرەکەم ناوی نەجمە مەجید براهیم خەڵکی گوندی بەلەگە بوو.وەختی زەمانەی مەلیکی هاوسەرگیریمان کردبوو.

فەتاح کوڕە گەورەکەم بوو.ئەنوەر .قادر.لەدوای فەتاح لە دایک بوون ؟

کەنیشکەکانیش :

سەبیحە گەورەکەیان بوو. سەعدیە ناوەڕاستینە بوو . هەرە بچوکەکەشیان لەیلای ناو بوو.

کەواتە تۆ حەوت کەست ئەنفالکراوە.؟

بەڵێ من حەوت کەسم ئەنفالکراوە .هەموو ناسنامەکانیشیان ماون و لای خۆم پاراستوومن .بارانیش دەباری بەلام پالتاوێکم لەبەر بوو،هەرچۆنێک بوو نەمهێشت ناسنامەکان تەڕ بن .

ئەوانەی لەنوگرە سەلمان گەڕانەوە و کەباسی ئەو شوێنەیان بۆت کرد گەیشتیتە یەقین کە منالەکانی تۆش وەک خەڵکەکەی تر ئەنفالکران و لەژیاندا نەماون .؟

منالەکانی ئێمە و خەڵکی گوندی فەتاح ئۆمەر لەگەڵ خەڵکی چەندین ئاوایی تر یەکەمجار براون بۆ گوللەبارانیان کردوون .تۆبزاوا نا ،نوگرە سەلمانیش نا.ئائا

بیرمکەوتەوە لەسەماوە گوللەباران کراون .ئەوەی من بیستوومە ژنەکانیان لەوێ گوللەباران کرد بەس بۆ کوڕەکان زانیاریم نیيە نازانم چییان لێکردون .کەس خەبەر و هەواڵێکی بۆ نەهێناوم .بۆگەنج و کوڕەکانیش ئەڵێن بەشەو براون و کەس نازانێت چارەنووسیان چییەو چییان بەسەرهاتووە .

دوای ئەنفالکردنی مناڵەکانت هیچ هەوڵێکت نەدا مناڵەکانت دەرباز بکەیت لەلیواکە یان لەقۆرەتوو.؟

من کەسم نەبوو،زۆر بێکەس بووم .هەرکەسێک وەرەقەیەکی حکومەتی هەبوایە یا لەڕێگەی موستەشارێکەوە هەوڵێکیان بۆ بدرایە ئەیانتوانی شتێک بکەن .منیش وەک ئەو هەزاران کەسە،بێکەس بووین و کەسمان نەبوو،تەنها خوامان هەبوو.ئەم هەموو خەڵکە لەلایەن حکومەتەوە براو بەخۆڕایی و غەدر فەوتان بێئەوەی گوناە و تاوانێکیان کردبێت .لەچ یاساو حەدیسێکدا بەخۆڕایی ئیسلام بگریت و بیکوژیت .

مناڵەکانت تەمەنیان چەند بوو .

کچێکم خەریک بوو پێدەگەیی . کوڕێکیشم هێزی پشتگیری پێشمەرگەبوو سەربەیەکێتی بوو. بەگشتی زۆربەیان تەمەنیان گەورەبوو .تەنها کچە بچوکەکەم نەبێت .

کەمناڵەکانت ئەنفال کران و بێکەس مایتەوە،چۆن ژیانی تەنیایت گوزەراند .؟

قسەکەت جوانە،ئێستا ئەم هەموو ئازارەی دوای مناڵەکانم چەشتوومە بۆت باس دەکەم.کاتێ من رۆیشتم و شەو ڕێگەم لێتێکچوو.باران دەباری لەو دەشتی حەسیرە نەمزانی ئێرە کوێیە.رووم‌کردە (جەوەڵ ) شاخەکەی عەولاقوت .شەو کەوتمە ئەم ناوە.تەنها سێ مانگاشم لایە.پاشان چووم بۆ گردە گۆزینە خوا ماڵ ئاوەدان بکات لەگەڵ ماڵی ئێوە.پیاوەکە ناوی حەسەنی دیوانە عەلی بوو.بۆماوەی سێ مانگ لەوێ بووم نەیانهێشت بچمە دەرەوە .گوتیان نەوەک حکومەت بتگرێت و بەبۆنەی ئەنفالەوە کێشەتان بۆ درووست بکات. ئیتر ئەوان باخیان هەبوو.هەرلەو باخە کاتم بەسەر دەبرد.

ئەم پیاوەی دڵدەی دایت خزمتان بوو یان تەنها ناسیاوتان بووە. .؟

نەخێر ئەم پیاوە خزمی خێزانەکەم بوون و جگە لەوەش ماوەیەک هاوسێ ی یەکتر بووین .

دوای ئەم سێ مانگە واتە ناوەڕاستی مانگی حەوت خۆت ئاشکرا کرد.؟

بەڵێ راستە. من کاتی خۆی فەرمانبەری حکومەت بووم لەقوتابخانە و کارگوزرابووم لەناحیەی سەرقەلا .بەهۆی ئەوەی مناڵەکانم لەعەسکەری رایانکردبوو منیش گەرامەوە بۆلایان و وازم لەدەوامەکەم هێنا ولەبنەکە دانیشتم .ئەگەر حکومەت بیگرتبامایە دەیکوشتم .بافەرمانبەریش بومایە مادام کوڕم پێشمەرگەو هێزی پشتگیری بوو بەسە بۆ ئەوەی حکومەت بمانکوژێت. ئیتر کەوتمە

پەلەقاژەو نەمزانی چیبکەم منالّم هەمووی ئەنفالە و خۆشم تەنیا ماومەتەوە و کەسم نەماوە .هەرچەندە ئەو کەسەی دالّدەی دام زۆر دەپاڕایەوە و دەیگوت توخوا لەمالّەکەی من مەڕۆدەرەوە باوەک منالّەکانت نەفەوتێیت .تۆ هیچت نەماوە گشتیت فەوتاوە .ئیتر رۆیشتم بۆ بەعقوبە و دواترگەڕامەوە بۆ شاری کفری و ناحیەی سەرقەلا .

ئەو کاتەی روتکردە بەعقوبە شوێنێکی ترت نەبوو جگە لەم مالّەی پێشتر خۆتت تێیدا حەشار دابوو.

نەخێر هیچ شوێنێکم نەبوو.بەنیازبووم بگەڕێمەوە بۆ سەر وەزیفەکەم و بەڵکو شوێنێکم دەست بکەوێت و تێیدا بژیم و نەمرم لەبرسان . ئیتر رۆیشتم بۆبەعقوبەو یەک وشە عەرەبی نازانم .بەهیچ شێوەیەک ناوێرم باسی مالّ و منالّو ئەنفالکردینان بکەم .زۆریش دەترسام . دوو سێ ئافرەت دانیشتبوون دیار بوون کورد بوون و لێیان پرسیم بۆچی هاتوویت . منیش گووتم  لەقوتابخانەیەک کارگوزار بوومە،حکومەت زەوی پێداوم بیکەم بەخانوو،بەڕێوبەرەکە رەزامەند نەبووە خانوەکەم بکەم بەناچاری وازم لەدەوامەکە هێناوە و چووم خانوەکەم تەواو کردووە و ئێستاش هاتووم بگەڕێمەوە بۆ سەر دەوامەکەم . کچەکانیش خەڵکی خانەقین بوون زۆر یارمەتیان دام و منیان برد بۆلای بەڕێوەبەرەکە .بەڕێوبەرەکەش کەوەزعی منی زانی کەکوردم گووتی مادام کوردە قەت ناتوانین دایبمەزرێنین و جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی .بەلاّم بەکچەکەی گوتبوو بابگەڕێتەوە بۆ سەرقەلاّ و نوسراوێکی پشتگیریم بۆ بهێنێت .گەڕامەوە بۆ سەرقەلاّ و بەڕێوبەرەکە پشتگیری بۆکردم کەمن پێشتر لای ئەوان دەوامم کردووە،ناشزانێت کەسم نەماوە و هەمووی ئەنفال کراوە . دوای ئەوەی دەستبەکاربووم ئیتر ئەوە شوێنی هەمیشەیم بوو لەسەرقەلاّ.رۆژێک بەڕێوبەری قوتابخانەکە تورکمان بوو زۆر دەترسا لەحکومەت،لێیپرسم ئەرێ تۆ دەبینم بەردەوام لێرەیت،ئەی مالّت،ئەی منالّت لەکوێن ؟منیش راشکاوانە پێمگوت من درۆ نازانم بەخوا هیچ کەسێکم نەماوە .تەنها خۆم بەسەڵتی ماوم .سێ کچ و کێ کوڕو دایکیان ئەنفالکراون.

بەڕێوبەرەکە ناوی چیبوو

.ناوی کەمالّ بوو .تورکمان بوو.ئیتر کەباسەکەم تەواو کرد زۆر ترساو گووتی: ئەی قوڕ بکەم لەسەرم . تۆ منالّ هەمووی ئەنفال . ئینجا حکومەت لەبەر تۆ من عیدام دەکات .ئەی قوڕ بەسەرم ئیتر لەوێش شوێنم نەماو جێگەم لەق بوو.بۆ کوێ بڕۆم .هیچ گوندێک نەماوە و وەزع یەکجار ناخۆش و سەختە.بەناچاری هاتم بۆکفری .کابرایەک ئەناسم ناوی حوسێن بوو، بەحوسێنی حاجی رەئوف ناسرابوو.پێشتر بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو لەناحیەی سەرقەلاّ.کەئاواییەکان روخێندران ئەویش گەڕایەوە بۆ کفری .کەگەیشتمە لای مامۆستا حوسێن هەموو

شتێکم وەک خۆی بۆباسکردو هەموو شتێکم ئاشکرا کرد.ئەویش گووتی: لەوهەموو منالەو کەسوکارەت تەنها تۆ ماویت و تۆش ئەوە ژیانتە. من هەرچیم لەدەست بێت هاوکاریت دەکەم و پشتگیریت دەکەم .هاوکاری کردم و رزگاریکردم .هەتا راپەڕین من لەناو ئەو مەکتەبە بووم .کەڕاپەڕینیش بەرپا کرا ئیتر بۆهەتا هەتایە رزگارم بوولەم هەموو ترس و تۆقینەی من بۆماوەی سێ ساڵ تێیدا ژیاوم .ئێستاش من زۆر مەمنونی ئەم پیاوەم و هەتا مردن خۆم بەقەرزاری ئەو دەزانم .

لەماوەی ئەم سێ ساڵەی تۆ بەتەنیا مایتەوە ،هیچ خزم و ناسیاوێکت سەردانی نەکردیت .؟

تەنیا یەک کەس هەبوو خزم و قەومم بوو سەردانی دەکردم .ماڵی لەسلێمانی بوو ئەگینا هەموو خزم و کەسوکارم ئەنفال کراون .بەرلەڕاپەڕینیش نەدەوێرام لەقوتابخانە دەربچم و خۆم بەکەس نیشانە بدەم .شەو رۆژ لەوێ دەمامەوە .ماڵی ئاوا بێت بەڕێوبەرەکە ژورێکی پێدابووم ئیتر هەرلەو ژوورە ژیانم بەسەر دەبرد .

کەس نەیدەزانی شوێنم کوێیە ئەوەشی بیناسیبام هەر نەیدەدۆزیمەوە . چونکە قەت دەرنەدەچووم .چونکە بەڕۆژ( فەڕاش ) کارگوزار بووم بەشەویش پاسەوانی قوتابخانەکە .تەنها یەک موچەشم وەردەگرت بەڵام لەبەر ناچاری دوو ئیشم وەیەکەوە دەکرد.ئیتر زەمانی سەدام بوو هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو .مانگانەکەشم تەنها سی دینار بوو.وردە وردە زیادیکرد و تاڕاپەڕینی ساڵی 1991 موچەکەم گەیشتە سەدو سی دینار .دوای راپەڕینیش زیادی کردو وەزعم کەمێک باشبوو.

لەڕاپەڕینی ساڵی 1991 چیت کردو چۆن بەشداریتان لەو ڕاپەڕینەدا کرد .؟

لەکاتی راپەڕین زۆر دڵخۆش بووم و زۆر سوپاسگوزاری خوای گەورەم کرد.بەچەک بەشداریم نەکرد بەڵام زۆر یارمەتی پێشمەرگەم دەدا. خۆزگە چاوم باش بوایە. بەبەڵگەو شایەتەوە دەیسەلمێنم بەقەد بیست پێشمەرگەی ئێستا خۆم بەئازاو بەدەسەڵات دەزانم .بۆماوەی دوو هەفتە زیاتر لەگەڵ پێشمەرگە دژی هێزەکانی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی شەڕمان کردو نەمانهێشت خورماتوو بگرێت هەتا راکردنەکەی ئێران بەرگریمان کرد.پێشمەرگەیەکی زۆریش لەم ناوچەیە بریندارو شەهید بوو.خەڵکێکی زۆر دەستگیرکرا.رۆژانە پێنج بۆ شەش شەهیدمان دەناشت .

ساڵی چەند بۆدووەم جار هاوسەرگیریت کردووە .؟

لە 2/2 /1990 ژنی دووەمم هێنا.ژنی دووەمم ناوی تەمینە کەریم جەبار بوو،ئەو کاتە شەڕەکەی کوێت بوو عێراق پەلاماری کوەیتی دابوو.دواتر لەساڵی 1991 رامانکرد بۆ ئێران .هەر هەردوکمان بووین .پێشمەرگەش نەما .کشایەوە .بەرەو ئێران رۆیشتین .دوای ساڵێک گەڕاینەوە بۆ گەرمیان و هاوسەرەکەم دووگیان بوو.پاش ماوەیەک لەگەڕانەوەمان هاوسەرەکەم کوڕێکی بووناومان لێنا دڵشاد،دڵشاد پێی گرت و بەهۆی سەرماو سۆڵەی زستان زۆر ئازاری بینی و بووە

هۆی مردنی وخۆشم و منالەکەم بەتەنیا ماینەوە ..کوڕەکەشم گەورەکردو گەیشتە تەمەنی هەژدە سالّی ئەویش کۆچی دوایی کرد.
هۆکاری مردنەکەی چی بوو.؟
بەداخەوە نەخۆش کەوت و کۆچی دوایی کرد.
جۆری نەخۆشیەکەی چیبوو .؟
چەندین جار بردمان بۆ لای دکتۆرو چارەسەرمان بۆ وەرگرت .ئینجا بردمان بۆ سلێمانی و گۆشتەکەیان زەرع کردو هەرچەندە ئەو کاتە دونیا ناخۆش بوو بەلاّم ناردیان بۆ بەغداو ئەنجامەکەی هاتەوە و گوتیان خوێن نەڕۆیشتووە بۆ سییەکانی و تەقاندویەتی .
دلّشاد هاوسەرگیری نەکردبوو.؟
نەخێر تازە تەمەنی دەگەیشتە هەژدە سالّی و هێشتا بەقیسمەتی نەبووهاوسەرگیری بکات.هەر مەبەستم ئەوەبوو خوێندنی ئامادەیی تەواو بکات ئینجا ژنی بۆبێنم .
ئەی جاری سێیەم کەی هاوسەرگیریت کردووە .؟
دوای حەوت بۆهەشت مانگ کە هاوسەری دووەمم کۆچی دوایی کردبوو لەدەوربەری سالّی 1993دا ژنی سێیەم هێنا ناوی فاتیمە خورشید عەباسە. ژنی سێیەمم دلّشادی گەورەکرد.زیاتر ژنی سێیەمم لەبەر خاتری دلّشادی کوڕم تەمەنی تەنها شەش سالاّن بوو و بەهەتیوی مابووەوە و کەسی نەبوو.بۆیە ئەم بڕیارەمدا .
لەژنی سێەم چەند منالّت هەیە و ناویان چییە .؟
کوڕە گەورەکەم ناوی محەمەدە و کچەکەشم ناوی مهابادە .
قەت خەونت بەمنالّەئەنفالکراوەکانت بینیوە .؟
بەلێ هەموویان دێنە خەونم و هیچ جیاوازییەکم نەکردووە لەنێوانیان .هەموویانم خۆش دەوێت و هەموو سەرەمانگێکیش لەکاتی وەرگرتنی هەرموچەیەک خێرێک بۆ ڕۆحی ئەوان دەکەم .هەمیشە لەخەیالّمن و هەرئەوەشە زوو زوو دێنە خەونم .
ئەم موچەیەی کەوەریدەگرن بەناوی ئەنفالانە،بەشی ژیانتان دەکات .؟
هەرچۆنێک بێت بەشیکردووین و هیچ کەسابەت و کارێکیشم نەکردووە،هەموو سەرچاوەی ژیانمان هەر موچەی ئەنفالکراوان بووە . من تەندرووستیم باش نییە و ناشتوانم هیچ کارێک بکەم .لەسەردەمی شەڕی عێراق و ئێرانەوە هیچ کارو کەسابەتێکم نەکردووە .بەلاّم لە ئێستادا بەهۆی ئەم قەیرانەوە موچەکە بەشمان ناکات . دوو مانگ جارێک موچە بێت چۆن بەشمان دەکات .جاری واهەیە سێ مانگ جارێک وەریدەگرین . گرانییە،هەموو شتێک گرانبووە .لەمالّەوە چوار کەسین و هیچ کەسێکی ئیشکەرم نییە.ئەمە حالّی ئێمەیەو ئەگەر مانگانە موچەکەمان پێنەدەین بارودۆخمان زۆر خراپ دەبێت.من مانگی نۆسەد هەزار وەردەگرم بەلاّم بەدوو مانگ جارێک موچەکە دەبێت بەنیوە و بەشمان ناکات .

وەكو كەسوكاری ئەنفال دوای تێپەڕبوونی 29 ساڵ بەسەر تاوانەكە، دەبێت چی بكرێت بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوان .؟
ئێمە هەرچیمان بۆبكەن ئەوە دیارە و بەرچاوە.بەڵام پێمانخۆشە حكومەتەكە بۆخەڵك و هی خەڵك بێت.دزی لەخەڵكی خۆی نەكات و گەندەڵی بەرامبەر بەمیللەتی خۆی نەكات و دادپەروەر بێت .تامام جەلال نەخۆش نەكەوت هەموو موچەیەك لەكاتی خۆیدا دەهات .چونكە نەمبینیوە هیچ حكومەتێك موچە لەخەڵك ببڕێت تائەم تەمەنە كەنزیكەی 90 ساڵ تەمەنمە.شتی لەوجۆرەم نەبینیوە .
ئەی سەبارەت بەبەشداری موستەشارو جاشەكان لەتاوانی ئەنفال چیدەڵێیت.؟
(بەئاخێكی قوڵەوە) ئەگەر جاش و مستەشارەكان نەبونایە لەئەنفال حكومەت نەیدەتوانی یەك بستیش بێتە پێشەوە و خەڵك ئەنفال بكات.هەمووی جاش بوو دەكەوتە پێش جەیش و ڕێگای بۆخۆش دەكردن.بەبەرچاوی خۆمەوە دۆڵ بەدۆڵ یاڵ بەیاڵ دەكەوتنە پێش سوپای بەعس و پێشمەرگەیان بۆ ئاشكرا دەكرد و خەڵكیان ئەنفال دەكرد.جاش هۆكار بوو بۆئەوەی زۆرترین خەڵك ئەنفال بكرێت .ئێمە لەكاتی ئەنفالدا شەو هاتینە كاكەبراو پاشان هاتین بۆ ملە سوورە.بینیمان مستەشارو جاش حكومەتی هێنایە سەر ئەم خەڵكە.خەڵك فەوتا .هەمووی جاش بوو ئەم كارەی بۆ دووژمن ئاسانكرد.
بەڕای ئێوە جاش و موستەشارەكان شایانی ئەوەن دادگایی بكرێن .؟
ئەریوەڵڵا هەقوایە پاكیان گوللەباران بكرێن. هەر موستەشارێك دەستی لەئەنفالكردن هەبێت،هەقوایە ڕادەستی دادگای بكەن و ماف وهەقی ئەم خەڵكەی لێوەربگرنەوە. بەتایبەتی ئەو مەلا كافرانەی لەكەركووك دەیانگووت كورد بكوژن ئیسلام نییە بائەنفال بكرێت .لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف مەلاكانیان كۆكردەوە بۆ ئەوەی دژی كورد فوتوایەك بدەن بۆ حەڵاڵكردنی خوێنی كورد بەڵام مەلایەك گوتی: من نایەمە كۆبونەوەكە و بڕیاری لەمجۆرەش قبوڵناكەم .وەك باسیدەكەن لەسەر ئەم هەڵوێستە،سەلام عارف مەلاكەی گوللەباران كردووە .شەرمەزار بن ئەو مەلایانەی كاتی ئەنفال ڕۆیشتن بۆ لای عەلی حەسەن مەجید و گوتیان ئەنفال حەڵاڵەو حەقە.ئێستا ئەوانە بدۆزنەوە و سزایان بدەن.هەرچەندە لەوانەیە دەنكە دەنكەیان لەژیاندا بێت .
هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازین . ئێوە كەسوكاری ئەنفال هەمیشە سەربەرزن .
ئێمەش زۆر مەمنونی ئێوەین و دەستتان خۆش بێت. بەخێر بێن بۆ كفری .

لەژمارە (١٣)ی گۆڤاری ئەنفالستان بڵاوكراوەتەوە